# کوردێك وەکو سەرۆکی ئێراق: واتا و ئەرك و فاکتەکان

**شاخەوان شۆڕش**

ڕۆژنامەی (ئوەبان)ی دانیمارکی دەنووسێ: یەکەمجارە لەوڵاتێکی عارەبیدا کەسێکی ناعارەب بکرێت بەسەرۆکی وڵات.

ڕۆژنامەی (پۆلیتیکن)ی دانیمارکی دەنووسێ: هەڵبژاردنی تالەبانی بە سەرۆکی وڵات, وەکو هاتنەپێشێک بۆ کەمینەی کورد, کە سەڵانێکی زۆر لەسەردەمی سەدامدا چەوسانەوە, لەوڵاتەکەدا دەبینرێت[1].

گەر سەیری کورد وەکو خەڵکێکی چەوساوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکەین. سەیردەکەین لەمێژوودا هەمیشە چەوساوەبووین و هەڕەشەی نەمانیان لەسەر بووە. لەو ڕوانگەیەوە کە کورد دوێنی مافی ژیانی نەبووە و ئێستا یەکێکیان بووتە سەرۆکی وڵاتێکی زۆرینە عارەبی, ئەوا دەکرێ بڵێین ئەوە گۆڕانێکی سەرنجڕاکێشە و وادیارە ئێستا لەو وڵاتەدا کوردەکان ڕێزی مافەکانیان دەگیرێت.

ئەگەر کوردەکان لەو وڵاتەدا بتوانن مافی خۆبەڕێوەبردن لەچوارچێوەی فیدرالیدا بەدەستبێنن, ئەوا دیسان بەبەراورد لەگەڵ ڕابردوودا (ئەو 13 ساڵەی سەربەخۆیی دیفاکتۆی باشوری لێدەرچێ), گۆڕانێکی دیارە سەبارەت بە مافی کورد لەو وڵاتەدا و دەگوترێت مافی خۆبەڕێوەبردنی کورد لەو ستاتەدا دانی پێنراوە. گومان لەوەدا نییە ئەوە پێشکەوتن و گۆڕانە سەبارەت بە کەمینەیەک کە هەمیشە ژێردەست بووە و پێشتر دان بەمافەکانی نەنراوە.

بەڵام ئەگەر سەیری کورد وەکو نەتەوەیەکی وڵات داگیرکراو بکەین, ئەگەر بڵێین خەباتی ئەوان بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەیان بووە, ئەوا بوونی کوردێک بە سەرۆکی وڵاتێک لە وڵاتە داگیرکەرەکان, واتای ڕزگاری خاک و وڵاتەکەیان نییە.

دەکرێ ئەوە سوودی بۆ گەیشتن بۆ سەربەخۆیی هەبێت و بەشێکی هەنگاوێک بۆ ئەو ئاراستەیە بێت. دەشکرێ ئەوە بەزیان بۆ ئەو خەونەی کورد بشکێتەوە و چەند دەیەی دیکە کورد لە ئاواتی سەربەخۆییان دووربخاتەوە. واتە ئەو پۆست و بەشدارییپێکردنە وا لە ئیلیتی کورد بکەن مەستی دەسەڵات و بەرژەوەندی تاک و گروپ ببن و ئەوە بەئەلتەرناتیڤی گونجاوی سەربەخۆیی بزانن, سەرکوتی ڕەوتی جیاخوازی بکەن و چەندین دەیە لەسەر ئەو گێییە لێی بنوون. کاتێ بەئاگاش دێن مەرج نییە پرۆسەی سەبەخۆیی لەئێستا ئاسانتر بووبێت. ئەوە جگەلەوەی مانەوەی کورد لەچوارچێوەی ئێراقدا ئەگەر دان بە مافی خۆبەڕێوەبردنیشی بنرێت, مسۆگەری ئاشتیەکی هەمیشەیی ناکات. لەکاتێکدا خەڵکی کوردستان چاوی لە سەرخۆبوونە, هەروەها لەکاتێکدا دیموکراتیزەکردنی زۆرینەی عارەب سەختە و لەڕاستیدا بەهۆی بوون و گوشاری دەرەکی دانیان بە مافی کوردتا ئەو ئاستە ناوە. بەمجۆرە هەڵگەڕانەوەی عارەب لە بەڵێنەکانیاندا بەرامبەر بە کورد دوور نییە, بەتایبەتی لەئەگەری نەمانی هێزەکانی ئەمەریکا.

دەكرێ بوونی سەرۆكێكی كورد لە وڵاتێكی زۆرینەی عارەبیدا ئەوەی لێدەرنەچێ كە خەڵكی كوردستان خەونی پێوە دەبینن, وەک مێژوو پیشانی دەدات, نە كەریم خانی زەند و نە بەكر سیدقی عەسكەری[2] نەیانتوانی سوودیان بۆ رزگاری نەتەوەكەیان ببێت, ئەگەرچی ئەوان (بەتایبەتی كەریم خان) سەرۆكی خاوەن دەسەڵاتیش بوون. دیارە ئەو سەردەمەی ئێستا جیایە و هیوادارم مێژوو بەو شێوەیە خۆی دووبارە نەكاتەوە.

گەر سەیری فاكتەكان بكەین:

یەكەم: دەبینین پۆستی سەرۆكی ئێراق زیاتر پۆستێكی سیمبۆلییە و سەرۆک بەتەنیا ناتوانێ هیچ بڕیارێک بدات, واتە دەسەڵاتی ئەو سەرۆكە لە پرۆسەی بڕیارداندا لەوەی جێگرەكانی زیاتر نییە. بڕیارەكانی ئەنجومەنی سەرۆكایەتی بەتێكڕای دەنگ دەدرێن و هیچ یەكێک لە ئەندامەكانی دەسەڵاتی بڕیاری یەكلاكەرەوەیان نییە (بەپێی ئەرتیكلی 36 (ج)).

دووەم: سەبارەت بە مافی ڤیتۆكەی ئەو دامەزراوە, ڕەتكردنەوەی بڕیارێكی پەرلەمان تەنها جاری یەكەم كاریگەرە و دەكرێ بڕیارەكە ببێتە بڕیار بێئەوەی بێتەوە بەردەم ئەنجومەنی سەرۆكایەتی (بەپێی ئەرتیكلی 37).

سێیەم: بەپێی ئەرتیكلی 39 (ب), ئەنجومەنی سەرۆكایەتی دەسەڵاتێكی كۆماندۆیی نییە. بەڵكو دەتوانێ ئامۆژگاری بكات, پێشنیار بكات و پوختە بداتە دەست.

چوارەم: ئەو سەرۆكەی ئێستا بەگوێرەی ئەرتیكلی 61 (د)ی یاساكاتیەكە, تەنها لەماوەی گواستنەوەدا كە تاكو كۆتایی ساڵی 2005 لەپۆستەكەیدا دەبێت. واتە ڕووداوەكە كاتییە و ڕەنگە پاش پەسندكردنی یاسای هەمیشەیی وڵات و هەڵبژاردنی نوێ, ئەوە ڕوونەداتەوە.

زۆر لە بەر پرسانی كورد ئەو ڕووداوە بە بەڵگەی بوونی پلە یەكی كورد لە ئێراقی نوێدا دادەنێن. بەو واتایە كورد وەكو عارەب لە مافدا یەكسانن. یەكێ لەكێشەكانی بەرپرسانی كورد ئەوەیە, ئەوان سەیری دیاردەكان وەكو خۆیان ناكەن و هەمیشە هەوڵدەدەن بەگوێرەی دڵی خۆیان یا بەرژەوەندی خۆیان لێكیان بدەنەوە. ئەگەر كورد وەكو عارەب یەكسان بایە یا پلە یەک بایە دەیتوانی ببێتە سەرۆكی وەزیران و داوای ئەو پۆستە بكات. ئەگەر كورد وەكو عارەب خاوەن مافە, لەبەرچی پۆستی سەرۆكی وەزیران بۆ كورد نابێت و عارەب بۆ خۆیان دەیبەن؟ بێگومان لەیاسای بنچینەییدا دەنوسرێت كەوا كورد وەكو عارەب بۆیان هەیە ببنە سەرۆكی وەزیران, بەڵام هاتنەدی ئەوە بەكردەوە زۆر دوورە. كورد لە ئێراقدا ناتوانێ لەگەڵ عارەبدا یەكسان بێت, چونكە كورد كەمینەیە لەو ستاتەدا و زیاتر لە 25 لەسەدای دانیشتوانانی ئەو وڵاتە پێک نایەنێت. ئەوەی بەكورد ڕەوا بینراوە لە ڕوانگەی ئەو ڕێژەیەیە كە لەهەڵبژاردندا بەدەستی هێناوە, مەرجیش نییە ئەو ڕێژەیەی كورد لە هەڵبژاردنی داهاتوودا هەروا بمێنێتەوە.

بەهەر شێوەیەک بێت كە سەرۆكی ئێراق كوردە, ئەگەر سیمبۆلیشە, دەكرێ ببێتەهۆی ئەوەی ناوچەكە و جیهان لەگەڵ ئەوە ڕابێن كە كورد مافی خۆیانە بەشداری پۆستی سەرۆكایەتی بكەن. بەمجۆرە ئەوە بەرامبەر بە مافی كوردەكان لە ناوچەكەدا ببێتەهۆی دروستكردنی تێگەیشتنێكی پۆزەتیف.

ئەو سەرۆکە کوردەش پێویستە سوود لەو پۆستەی خۆی بۆ کێشەی نەتەوەکەی وەرگرێت, نەک گەلەکەی بە قوربانی یەکێتی خاکی ئێراق بکات و دژی خەونی دێرینەی خەڵکەکەی بوەستێت. بەداخەوە هەندێ لە ووتەکانی تاڵەبانی ڕێک دژی هەوڵی بەدیهێنانی سەربەخۆیین. ئەگەر ئەو سوربێت لەسەر ئەو جۆرە وتانە و سەربەخۆیی کورد بە خەیاڵ و ناڕیالیستی و کێشەی ناوخۆیی سەیر بکات, ئەوە ئەنجامی باش نابێت. ئاساییە ئەو بڕوای پێی نەبێت, بەڵام پێویستە بەچاوی ڕێز سەیری ئاواتی خەڵکی کوردستان بکات. ئەوان بوون 98 لەسەدایان دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا.

پێویستە ئەو پۆستە ئەگەرچی دەسەڵاتێکی ئەوتۆشی نییە, بۆ مسۆگەرکردنی گەڕانەوەی کەرکوک بۆ باوەشی کوردستان بەکار بهێنرێت و وابکات چارەسەری کەرکوک چیتر دوانەخرێت. پێویستە مام جەلال واز لە بەتایبەتی مۆدیلی برۆکسل بۆ کەرکوک بهێنێت, چونکە دەکرێ ئەو مۆدیلە کەرکوک لەکوردستان دابڕێت, ئەوە جگەلەوەی برۆکسل و کەرکوک زۆر لەیەکتر جیاوازن[3].

پێویستە ئەو پۆستە و هەموو توانایەکی کورد بۆ چەسپاندنی مافی چارەنوس و سەپاندنی سنوری مێژوویی باشوری کوردستان بەکار بهێنرێت.

پێویستە مام جەلال واز لەو جۆرە دوان و وتانەی کە ئازاری خەڵکی کوردستان دەدەن و بەزیان بۆ کوردستانیەت دەگەڕێنەوە, بهێنێت. بۆنمونە پێداگرتنی ئەو لەسەر نەمانی سزای کوشتن بۆ سەدامی دیکتاتۆر واپێناچێ دڵی خەڵک خۆشکات, بەڵکو بەئەگەری زۆر ئازاریان دەدات و برینان دەکولێنیتەوە[4].

بەکورتی ئەگەر ئەو پۆستە و بەشداریکردنەی کورد لە دەسەڵاتی ئێراقدا بتوانێت کوردستان هەنگاوێک لەسەربەخۆیی نزیک بکاتەوە, کە پێموایە چەسپاندنی مافی چارەنوس لەیاسای بنچینەیی ئێراقدا خاڵی گرنگی لەپێشە, ئەوا ئەگەر خەونی سەربەخۆیی کوردستان ئێستاش نەهاتەدی, بەڵام هەنگاوی گونجاوی بۆ دەنرێت.
ئەگەر ئەو پۆستە و بەشداریکردنی کورد لە دەسەڵاتی ئێراقدا, بۆ ئەوەیە هەموو دەرگاکانی سەربەخۆیی لە خەڵکی کوردستان دابخەن و لە ژێر ناوی فیدرالی و دیموکراسیدا, کوردستان بەیەکجاری لە ئێراق هەڵکێشن و باری ستاتوس کۆ قایمکەن, ئەوا خەڵک و بەتایبەتی سەربەخۆخوازان ناچاردەکرێن بیر لەڕێگای دیکە بکەنەوە.

**11.4.2005**

---

[1] www.politiken.dk Onsdag 6. apr 2005

[2] بەگوتنی د. جەمال نەبەز, بەکر سیدقی کە بە کودەتا لە 1936 هاتە سەرکار, هەوڵی بۆ دروستکردنی ستاتی سەربەخۆی کوردستان داوە. سەیری بیری نەتەوەیی کوردی د. جەمال نەبەز بۆ زانیاری زیات ربکە.

[3] بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە مۆدیلی برۆکسل سەیری وتارەکەی د. جەبار قادر لەسایتی دەنگەکان بکە.

[4] New Iraqi president opposed to Saddam death sentence, AFP, 10.4.2005 .. Kurdmedia.com